ئای من لەچەرخێکدا دڵداری دەگەم
نەفرەت لەخۆشەویستی دەکا ٠٠!
ئەرێ بشێ لەهیچ دەرمانخانەیەك
دەرمانێکی تایبەتی نەبێ
ئەم ئەوینە گەورەیەم
لەبار بەرێ ٠٠٠؟
ئەی بشێ
لەهیچ دەرمانخانەیەك
سڵفاتەیەکی تایبەتی
دەسنەکەوێ
کە ئەم شاعیرێتییەم
بکوژێ ٠٠٠؟

گەرمایی هەتاو دەکەن ...
حەز دەکەم شیعرەکانم وەکو نانی هەژاران
ساکاربێ ...
من بێزارم لەو چوارچێوانەی کە کوتومت
هەر لە قالبی کێكو کولیچەو کادەو
قەنادی شەوانی رابواردنو بەزمو رەزمی
بورژواکان دەچن ...
من دەمەوێ شیعرەکانم
هەر بۆنی بەفری هەندرینو
رووباری ئاوەسپیو رۆخانەو فوشەچەپانو
داری بەڕوویان لێبێ ...
من نامەوێ شیعرەکانم لەژووری
بەخوێنی هەژاران گوڵاو پڕژێن کراوی
دەوڵەمەندەکاندا ، هەڵواسرێو
لەگەڵ مەستبووندا ، ببێ بەگۆرانی ...
من دەمەوێ شیعرەکانم
لەدڵی ناڵە هەژارەکاندا
لەدەلاقەی زنجە بێ چراکاندا
هێلانە بکاتو بژی ...

## ( ٣٨ )

من تۆم خۆشدەوێو ناتوانم زمانم بگۆڕمو
بڵێم تۆم لەبیرچۆتەوە ...
ئەوەتا من دەستە زامڕێژەکانمت
بۆ درێژ دەکەم ...
بەلام هەرچەند دەکەم ، بەتۆ ناگەن ...!
کەمناڵ بووم ، خەیاڵم دەکرد ...
لەسەربانێکی بەرزەوە
دارێکی درێژ لەمانگ بخشێنم ...
وارێکەوت کەماڵمان بۆ خانوویەکی دوو نهۆم
باری کرد ...
خۆشی یەکی فرە سەیرو بەتام
لەدڵمدا چوزەرەی کرد ...
ئێوارە سەرکەوتمە سەربان
دارە دڕێژەکەمم بۆمانگ
درێژکرد ...
ئای رەنجەڕۆ خۆم ، مانگ لەکوێو
نووکی دارەکەم ، لەکوێ ...!
تەلاری خەونە گەورەو سەوزەکانم

تۆ دەریایتو ، دەشزانم دەریا
نەخۆشەویستی دەزانیٚو
نەوەرزی ئەوینو کۆچی هەیە ...
تۆ دەریایتو دەشزانم دەریا ، بەندەری
هەموو خۆزگەیەك ، وەکو کەف
لەشەپۆلە تۆڕەکانی‌دا رادەماڵیٚ ...
تۆ دەریایتو دەشزانم دەریا
هەموو ئەو شیعرانە دەسڕیٚتەوە
کە شاعیرە شیٚتو دڵدارەکان
لەسەر باسکە رووتەکانی
دەینووسن ...!
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ...
من هەر دەریام خۆشدەویٚو
گۆرانی نامۆ
بۆ شەپۆلە کۆچەرەکانی
دەنووسمو
دوای تەمومژە
بیٚشویٚنو هەتەرەکەی دەکەومو
لەسەر لووتکەی کویٚستانەکاندا
لەناو باچڕەکاندا

بەخۆشەویستیو لەزەتی ئەوین ، ئەتەنێ ۰۰۰؟

. . .

جارێکیان فلیمێکم بینی دەربارەی رزگارکردنی
شارێــــك بــوو ۰۰۰سەربــازەکان ئــەگەرچی
برسێتیو
خەمو ترسو راچڵەکینو
بێنازی، باری گیانی قورسو ماندوو کردبوون..
بەڵام هەر تامەزرۆی
تامی ژیان بوون ۰۰۰
تامەزرۆی بۆنی چەمی بابوون ۰۰۰
چوارو پێنج لە پەناگاو حەشارگاکانیاندا
لەسەر چیچکان ریز بووبوون ۰۰۰و
پێکی بەختیان هەڵدەدا ۰۰۰
سەربازێك کەرووخسارە ماندۆکەی
لەتوێی ریشێکی تۆزاویدا پێدەکەنی
دەستی دایە پێکێكو
بەر لەوەی نۆشی کا وتی :
ئاخ دەترسم گوللە بمبێژیو
لەشم بکا بەسەرەنگو
جارێکی تر ۰۰۰ ببڕای ببڕ

